حەمە ئەمین حەمەسەعید

**پێیانگوتم بچۆ وەرقەی جاش بۆ کورەکانت بکە، بەڵام من پێم عەیب بوو، حرسم نەیهێناو ئەوەمان بەسەرهات کەبەسەرمان هات .**



پاش ئەوەی دیداری فاتم تەواو بوو حەمە ئەمین حەمە سەعید هاتە پێشەوەو ووتی ئەگەر قسە لەمن وەردەگرن ئەوە باشە دەنا من دەچم بۆ نوێژی جەماعەت هەرچەند ئەو لەسەرەتای دیدارەکەمانەوە ئەوەی پێگوتین کە دایکی منداڵەکان زانیاری زیاتری لەلایەو من هێندەی لێنازانم، بەڵام لەکاتی دیدارەکەماندا لەگەڵ فاتمی هاوسەری خۆی پێرانە دەگیراو جارجار قسەی دەهێنایە پێشەوە، مام حەمە ئەمین پیرەمێردێکی روخۆش بوو، هاوسەری فاتمەیەو باوکی سێ کوڕی ئەنفالکراوە بەناوەکانی ( جەلال و جەمال و نورەدین) ئەویش قسەکەی فاتمی پشتراستکردەوەو ووتی کورەکانم دوانیان کوری ماڵ بوون و سەربازی هەڵاتوو بوون ، بەڵام ئەوەی راتی بێت کورە گەورەکەم مەیلی پێشمەرگایەتی هەبوو، دەیویست ببێ بە پێشمەرگە و ئێمەش نەماندەهێشت چونکە پیاوخراپ زۆر بوو، بەڵام هاوکاری دەکردن .

پاشئەوەی دیدارەکەمان لەگەڵ فاتمەی هاوسەری تەواو کرد ئەویش خۆی ئامادەکرد بۆقسەکردن، بەلام دیسانەوە قسەی پێشوی دوبارەکردەوەو پێی گوتین من زۆر قسەناکەم ودەمەوێت بچم بۆ نوێژی جەماعەت، بەڵام مادام پێتانخۆشە قسەتان بۆبکەم بەسەرچاو ئەوەی لەدڵمدایەو دەیزانم دەیڵێم و بەجێتان دێڵم ودوایی بۆ نان خواردنی نیوەرۆیە دێمەوە لاتان . ئەفسوس مام محەمەد فریای لە چاپدانی گۆڤاری ئەنفالستان نەکەوت و بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد. هەرچەندە لەگەڵ بەریز فەرەیدون کەهاوسەفەرمان بوو بۆ دیمانەسازییەکەی ئەم بنەماڵە بەرێزە چوینە پرسەکەی ولەکاتی خۆیدا بەشداری خەم وپەژارەیان بووین، بەڵام جێگەی خۆیەتی لێرەوە بەناوی بە سەرنوسەرو دەستەی هاوکارانی گۆڤاری ئەنفالستانەوە پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی حاجی فاتمەی هاوسەری وکچە بەریزەکانی وکەسوکاری دەکەین .

بۆچی نەتاندەهێشت کورەکەت ببێتە پێشمەرگە مادام بۆخۆی مەیلی لێیی بوو ؟

لەبەر ئەوەی پیاوخراپ زۆر بوو .

کەواتە کەئەنفالکرا کەسێکی مەدەنی بوو نەک پێشمەرگە ؟

بەڵێ بەڵێ وەک عەرزمان کردی بەڵام کاتێک کە پێشمەرگە دەچونە سەر رەبایەکانی دەوروبەرمان کورە گەورەکەشمیان لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆچاوساغی وشەریشی دەکرد، لە پاشاندا حەوت تفەنگیان دایەو کردیان بەبەرپرسی هێزی پشگیری .

ئەی کە کورەکانت ئەنفالکراون چۆن ئیمتیازاتیان موچەو زەوییان وەرناگریت ؟

ئاخر بەشەهید ناونوسکراون نەک بەئەنفالکراو .

مادام پێت خۆش نەبوو ببنە پێشمەرگە بۆچی مامەڵەی کورە ئەنفالکراوەکانت بە ئەنفال نەکردووەو بە پێشمەرگە نوسیوتە ؟

لەبەرئەوەی وایان پێگوتم . دوو کورەکەی تریشم تفەنگیان وەرگرت و هێزی بەرگری بوون. راستە ئێمە پێشمەرگە نەبووین بەڵام هەر لەخزمەتیاندا بووین بۆیە وەک پێشمەرگە حسابیان بۆکردین، فاتمەی خێزانیشم خزمەتی زۆری هەیە .

بەڵام باشتر بوو کە وەک ئەنفالکراو تۆمارتان بکردنایە چونکە لەراسیدا خۆیان ئەنفالکراون، تەنانەت ئەگەر پێشمەرگەش ئەنفال کارابێت هەقە وەک ئەنفال تۆمار بکرێت .

بەخوای ئینجا وایان پێگوتین .

کێ وای پێگوتن .؟

دۆست وناسیاوی وەک تۆ .

ئاخر بۆچی وایان پێگوتن ؟



کە دەزگای شەهیدان دروست بوو فاتم چووبوو وتبووی بزانم مەسەلە چیە، لەوێ مستەفا سەرگەڵوویی وغەریب سەعید و شوانە موغاغی بینیبویان وتبوویان ئەوە چی دەکەیت لێرە وتبووی هاتووم بزانم ئەم دەزگایە چمان بۆ دەکاو مەسەلەچییە، ئەوانیش هاوکارییان کردبوو بە بەرپرسانی دەزگاکەیان گوتبوو ئەم ژنە زۆر قارەمانەو کورەکانی شەهیدن وهەرئیشێکی بەئێرە هەبێ بۆی نەکەن ئێمە چەکەکانمان فرێ دەدەین . لەوێ کورەکانیان بەشەهید ناونوس کردبوو .[1]

[1] ئەوکاتە دەزگای شەهیدان تایبەت بوو بەشەهیدانی سەنگەرو تایبەتیش بوو بەشەهیدانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وهەرئەوانیان ناونوس دەکرد کە لەریزەکانی یەکێتیدا شەهید ببوون، هێشتا هیچ دەزگایەک بۆ لیپرسینەوەوەو بەدواداچونی ئەنفالکراوان دروست نەببوو، هیچ ئیمتیازوموچەیەکیشیان نەبوو، بۆیە ئەو پێشمەرگانەی ئەنفالکرابوون یان ئەوکەسانەی نزیک بوون لە بەرپرسانەوەو ئەنفالکرابوون وەک شەهیدی سەنگەر تۆماریان دەکردن و موچەیەکی ٢٠٠ دیناریریان بۆ دەبردرایەوەوە.

وتت فاتمەی خێزانیشم خزمەتی زۆرە ؟

بەڵی هەیەتی

خزمەتی وەکوچی ؟

جارێکیان شەش پاس لە سلێمانیەوە هاتن هەموویان کەسوکاری پێشمەرگەیان پێبوو لەپشتی کۆتەڵەوە دایانگرتن .

بۆچی دایانگرتن ؟ کێ دای گرتن ؟

حکومەت هێنانی ووتی ئێوە عێراقی نین برۆن بۆلای کورەکانتان ئەوانە بەکرێگیراوی ئێرانن . بائەوان خزمەتتان بکەن، ئەو هەموو خەڵکە هاتنە ئەم دێییەی ئێمە لێرە خزمەتمان کردن، فاتمە زۆر ئازایانە قۆڵی لێ هەڵکردو زۆر پێیانەوە ماندووبوو، لەکن مەکتەبەکەی سفرەیان راخست نانیان دانێ و لە سەرگەڵوەوە پێشمەرگە کامێرایان هێناو رەسمیان گرتن ، کورە باسی چی بکەم ئەوەندەمان باسکرد تەواونابێ .

من هیچ پرسیارێکم نەماوە تۆ ئەگەر شتێکت مابی باسی بکەی ؟ دەنا بچۆ بۆ نوێژەکەت وبالەجەماعەتیش دوانەکەوی ؟

کورە قسە زۆرەو تەواو نابێت

راست دەکەی بەڵام قسەیەک کە هەستت کردبێت پێویستەو حاجی فاتم لەبیری چووبێت ؟

وەلاهی ئینجا چ بڵێم جارێکیان کورە تۆ بڵێ دەجار پێیانگوتم بۆناچی لەلای فلان وفیسار رەیس جاش وەرقەیەک بۆ کورەکانت بکەیت بۆ ئەوەی سەلامەت بن ؟ منیش گوتم نا وەلاهی وەبیلاهی پێم عەیب بوو بچم وەرەقەیەکیان بۆ بکەم ئیتر ئەوکارەساتەمان بەسەرهات کەبەسەرمان هات، هەتا ئەم کاتەی کەوا پێوەی دەناڵێنین وبەرێزت پرسیارمان لێدەکەیت .

کێ بوو ئەوەی کە پێی گوتیت بچۆ وەرەقەی جاشێتی بۆ کورەکانت بکە ؟

جاوەلا کێ بوو بەعزیک کەس وایان پیدەگووتم بەڵام من حرسم نەیهێنا ئەوە بکەم .

زۆر سوپاس تۆش بچۆ بۆ جەماعەت بەلام ئەوەم پێبڵێ قایلیت ئەم قسانەت بڵاو ببنەوە ؟

بەڵێ بەڵێ ئەریوەلا یاخوا بەخێربێن کەهاتون ئێمەتان بەسەرکردووەتەوەو پرسیارمان لیدەکەن بەخێرێن سەرچاوان .





